# دەستگیرکردنی عزەت دوری بە درۆ دەخرێتەوە

لە هەفتەی رابردودا هەندێک سەرچاوەی هەواڵ دەستگیرکردنی عزەت دوری کۆنە جێگری سەدام حوسێنیان بڵاوکردەوەو رایانگەیاند کە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیراوە، بەڵام ئەم هەواڵە زۆری نەکێشاو بەخێرایی لەلایەن ئەمریکاوە بەدرۆخرایەوە. هێزەکانی ئەمریکا جێگیر لە عێراق لە رایانگەیاندراوێکی نووسراودا هەواڵی دەستگیرکردنی عزەت دوری گەورەداواکراوی بە هەڵبەستراو دانا و راشیگەیاند کە ئەوان زانیاری ئەوەشیان نیە کەئەگەر لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە دەستگیر کرابێ.

لەلایەکی دیکەشەوە موەفەق روبەیعی گەورە راوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ ئاسایشی نەتەوەیی پێشتر رایگەیاندبوو کە عزەت دووری لە وڵاتی سوریایەو لەلایەن رژێمی دیمەشقەوە داڵدەدراوە، هەروەها داواشی کردبوو کە دیمەشق ئەو تۆمەتبارە داواکراوە رادەستی حکومەتی بەغداد بکاتەوە، بەڵام لەپێوەند بە هەواڵی دەستگیرکردنی عزەت دووری، موەفەق روبەیعی گوتبوی ئەو ناتوانێ ئەو هەواڵە بە درۆ یان سەر راست بکاتەوە!

گوایە سەرچاوەیەکی باڵا ئەوەی بۆ مێدیاکان درکاندووە کە گوایە کەسێکی هاوشێوەی عزەت دووری دەستگیرکراوە، نازاندری خۆیەتی یان کەسێکی دیکەیە، بۆیە هەواڵەکە بە تەماوی ماوەتەوە، حکومەتی عێراق و هێزەکانی ئەمریکاش ناتوانن خۆیان بەخاوەنی ئەو هەواڵ و دەنگۆیە بزانن.

هەواڵی دەستگیرکردن و باسکردن لە عزەت دوری لەم کاتەدا کە رێکخراوە نەیارەکانی حکومەتی بەغدادو ئەمریکا لە شاری بەغدادو شارەکانی دیکەی عێراق دەستی پێکردۆتەوە، لەخۆڕاوە نیە، بەڵکو سیناریۆێکی لەپشتەوەیە، هەندێک پێیانوایە کە حکومەتی عێراق سەرچاوەی ئەو هەواڵ و دەنگۆیەیە، چونکە مێدیاکانی جیهان لەخۆڕاوە ناتوانن هەواڵێکی لەم بابەتە هەڵبەستن و بڵاوی بکەنەوە، تەنانەت پێشیانوایە کە مەبەست لە چەواشەکردنی رای گشتی عێراق و جیهانە و بۆ شاردنەوەی ئەو شکستانەیە کە رۆژ دوای رۆژ بەغداد دووچاری دەبێتەوە.

هەندێک چاودێر پێیانوایە کە دەستگیرکردن و کوشتنی عزەت دووری هیچ کاریگەری لەسەر رەوشی ئاسایشی عێراق دروست ناکات، چونکە بەر لە دەستگیرکردنی سەدام و بەر لە هەڵواسینیشی کردەوە تیرۆریستیەکان درێژەیان هەبوو، بەڵکو دواتر چڕوپڕتر کرانەوە، بۆیە شیمانەی ئەوە ناکرێ کە بەدەستگیرکردنی عزەت دووری کە تەنیا ئێسک و پروسکی ماوەتەوە، رەوشی ئاسایش و هێمنایەتی بۆ عێراق بگەڕێتەوە.

حکومەتی عێراق لەبەرانبەر نەیارانی خۆیدا دەستەو وەستان ماوەتەوە، هەندێک جار وڵاتانی دراوسێ تۆمەتبار دەکات، هەندێک جاریش حزبی بەعسی روخاوو پاشماوەکانی بە سەرچاوەی گرژی و توندوتیژەیکان دادەنێ، هەندێک جاریش رێکخراوی ئەلقاعیدە بەهۆکاری سەرەکی و دوژمنی سەرسەخت دەناسێنێ، بەڵام راستیەکان بەوانەشەوە تەواو نابن، چونکە حکومەتی عێراق بۆ خۆیشی بەشێک لەو بەرپرسیارێتی و تۆمەتباریەی بەردەکەوێ، لەلایەکەوە لەنێو گێژاوی حزبایەتی تەسک و تایفەگەریدا گیری خواردوە، دامودەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس شیانی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاسایشیان نیە، لەهەندێک رەوشدا ئەوان بۆ خۆیان ئاژاوەکان توندتر دەکەنەوە، بەتایبەتی دزەکردنی ئەندامانی پایەبەرزی حزبی بەعس و سوپای عێراق بۆ ناو دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوەخۆو بەرگری کێشەکەی ئاڵۆزتر کردۆتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە نەبوونی وتارێکی یەکگرتووی عێراقی رەوشەکەی تێکچڕژاوتر کردووە، ئەوانەی خۆیان وەک نوێنەری پێکهاتەکان دەناسێنن، هەریەکەی لە ئاشێک لێدەکات. شیعەکان بەسەر چەندین هێزو دەستەی جیاواز دابەش بوونە، هەمووشیان مرخی خۆیان لە کورسی دەستەڵات خۆشکردووە، دەیانەوێ بەهەر شێوازێک بێ بۆ خۆیان مسۆگەری بکەن. سوننەکان لەگەرەلاوژەو پەرتەوازەییدا دەگوزەرێنن، خەون بە گێرانەوەی دەستەڵات دەبینن و ئاخ بۆ رابردوو هەڵدەکێشن، کورد ئیرادەی خۆی لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستانیدا بزرکردوە، سەرکردەکانیش خۆیان لەنێو یاری ناوبژیوانی وندا کردوە، دەستیان لەهیچیان بەرنابێ. هەرچی لەوانەی کە خۆیان بە نوێنەرو رێبەری تورکمان و وردە پێکهاتەکانی دیکە دەناسێنن، لەنێو گێژاوی عێراق و گەمەی ئەمریکاو وڵاتانی دراوسێدا سەربەخۆیی خۆیان لەدەست داوە، وەکو داشی دامە یاریان پێدەکرێ، بۆیە وێرای ئەوەی کە حزبی بەعس بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ زۆرداری لە خەڵکی عێراق کردووە، کەچی دەتوانێ لەنێو ئەو پاوانەدا یاریەکانی خۆی درێژە پێبدات و ئەندامانی خۆی جۆش بداتەوە، هەروەها رێکخراوی ئەلقاعیدەش بەهۆی بانگەشەی جیهادکردنەوە توانیویەتی پێگەی خۆی لەنێو سوننەکاندا بکاتەوە، لەنێوخاکی عێراقدا شەڕی خۆی لەگەڵ ئەمریکا بەردەوام بکات، کەواتە لەنێو رەوشێکی ئاوادا هەواڵی دەستگیردنی عزەت دووری هیچ لە هاوکێشەکان ناگۆڕێ، بەڵکو راستیەکان دەشارێتەوە، ئەگەر درۆش بێ، ئەوە حزبی بەعس سوودی لێدەبینێ و وردە بۆ ئەندامانی خۆی دەگێڕێتەوە.

لەهەموو بارەکاندا لەچەند رۆژی داهاتوودا ئەو دەنگۆیەی کە گوایە عزەت دووری لەگەڵ چەند تیرۆریستی دیکە لە چیای حەمرین دەستگیرکراون و بۆ تاقیکردنەوەی دی ئێن ئا رەوانەی بەغداد کراون، یەکلایی دەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر دەنگۆو هەواڵی دەستگیرکردنی عزەت دووری لەلایەن بەرپرسانی عێراقەوە بڵاوکرابێتەوە و درۆش دەربچێ، ئیتر بەزیان بۆ رەوشی ئاسایش دەگەڕێتەوە. ئێستا هەندێک خەڵک لە سایەی ئەو هەواڵەدا ماونەتەوە، بەڵام لە رۆژانی داهاتوودا راستی و درۆبوونی دەردەکەوێ، ئەوکات مۆرکی خۆی لەسەر داهاتوو پێشان دەدات.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەو بەیاننامەیە بیر بهێنرێتەوە کە رۆژی ١١-١١-٢٠٠٥ حزبی بەعسی هەڵوەشاوە بڵاوی کردبۆوەو مردنی عزەت دووری راگەیاندبوو، بۆیە ئێستا هەواڵێکی راستین لە مان و مەرگی عزەت دووری لەدەست دانیە، ئەگەرچی هەندێجار باس لە بوونی عزەت دووری لە وڵاتی یەمەن و سوریە و قەتەر دەکرێ، هەندێکجاریش دەگوترێ کە لە عێراق دا ماوەتەوەو سەرپەرشتی بەرگری دژ بە ئەمریکا دەکات، راستیەکەی عزەت دووری هەم تەمەنێکی زۆری هەیە، هەمیش نەخۆشیێکی کوشندەی هەیەو دەبێ مانگانە خوێنێ بۆ بگۆڕدرێ، بۆیە ناتوانرێ بەو رەوشەوە بۆ خۆی بێتە چیای حەمرین و سەرپەرشتی چەکدارانی بکات.

**بەدواداچونی: سەربەست کانەبی**



# نێوانی ئێران و قاعیدە ئاڵۆزتر دەبێ



**ئەیمەن زەواهیری** لە دوایین کاسێتی دەنگی خۆیدا کەلەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دا بڵاوبۆتەوە هێرشی کردۆتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران و بەوە تۆمەتباری کردووە کە سەرۆکی ئەو وڵاتە گومانی خۆی لە رووداوی ١١ی سێپتێمبەر پێشانداوە، ئەمەش بەمەبەستی کەمکردنەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدە دەگوترێ، بۆیە بەتووندی رەتی کردۆتەوە، هەروەها هەبوونی هەر رۆڵێکی ئیسرائیلی لەو رووداوە رەت کردۆتەوەو ئەمەی بە پلانی ژەهراوی داناوە.

ئەیمەن زەواهیری کەسی دووەمی رێکخراوی ئەلقاعیدە رایگەیاندووە کە یەکەمین جار کەناڵی ئاسمانی ئەلمەنار کە سەر بە حزبوڵایە ئەو ژەهرەی رژاندووەو ئەو گومانەی خستۆتە بەر گوێچکەی جیهانیان، دواتر راگەیاندنەکانی ئێران بەو درۆیەوە نووسان و دووپاتیان کردەوە.

ئەیمەن زەواهیری رەخنەی کە ئێران و حزبوڵڵای لبنان گرتووەو دیاری کردووە کە گومانی ئەوان بۆ ئەوەیە تا بڵێن کەسانی قارەمان لە ریزەکانی سوننەدا نیە تا بتوانن گورز لە ئەمریکا بوەشێنن، بەڵام هێرشی یازدەی سێپتێمبەر گەورەترین گورزە کە لەمێژوودا بە ئەمریکا کەوتبێ.

راستیەکەی ئەوەیە کە لە هەفتەی رابردوودا مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرکۆماری ئیسلامی ئێران گومانی خۆی لەبەرانبەر رووداوی یازدەی سێپتێمبەر پێشاندا، دواتر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران هەمان گومانی دووپات کردەوە. ئەو بۆچوونەو گومانەی ئێران، هاوکات ئەمریکا و رێکخراوی ئەلقاعیدەی تووڕەکرد، بەوهۆیەوە لەهەردوو لایەوە وەڵامی درایەوە.

زۆر دەمێکە پێوەندی نێوان ئێران و رێکخراوی ئەلقاعیدە ئاڵۆزبووە، هەرچەندە کە ئەمریکا بەردەوام کۆماری ئیسلامی ئێران بە هاودەستی و هاوکاری رێکخراوی ئەلقاعیدە تۆمەتبار دەکات، بەڵام رووداوەکان پێچەوانەیان پێشانداوە، لەلایەکەوە ئێران خۆی بە رێبەری جیهانی شیعە مەزهەبەکان و هەموو موسڵمانان دەزانێ، رێکخراوی ئەلقاعیدەش خۆی بە رێبەری سوننەکان و هەموو موسڵمانانی جیهان دەزانێ، هەروەها هیچ بەڵگەو دێکۆمێنت ئاشکرا نەبووە تا هاوکاری نێوانیان بسەلمێنێ، بەڵکو رێکخراوی ئەلقاعیدە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ژمارەیەک لە سەرکردەکانی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستگیرو زیندانی کراون، هەروەها توندوتیژیەکانی نێو عێراق ئاماژە بە ناکۆکی و ملمڵانێی ئاشکرای نێوان ئەو دووانە دەکەن، بەتایبەتی کە رێکخراوی ئەلقاعیدە راشکاوانە شەڕی شیعەکان دەکات و بە کافریان دادەنێ و بانگەشەی ئەوە دەکات کە شیعەکان بە پشتیوانی ئێران شەڕی سوننە قڕان بەڕێوەدەبەن، هەروەها شیعەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە رێخکراوی ئەلقاعیدە لەهیچ و خۆڕایی خەڵکی سڤیلی شیعە دەکوژێ و دەیەوێ شەڕی مەزهەبی لەنێوان سوننەو شیعە گەورەتر بکاتەوە.

ئەمریکا وەک دوژمنی هەردوو لایەن زۆر هەوڵ دەدات کە پێوەندی لەنێوانیان دروست نەبێ و ملمڵانێی نێوانیان تیرەترو ئاڵۆزتر ببێ. بێگومان ئەمەش لەبەرژەوەندی خۆیدا دەبینێتەوە، چونکە هەرکاتێ هاوکاری لەنێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و رێکخراوی ئەلقاعیدە دروست ببی، ئەوە بەرژەوەندەکانی ئەمریکا لەناوچەکە وەبەر هەڕەشە دەکەوێ و زیانی گەورەی پێدەگات. ئێستا کە پێوەندی نێوان ئێران و ئەلقاعیدە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات، تەنیا ئەمریکا سوودی لێ دەبینێ.

**رۆژی گەل**

# دانانی رایمۆند تورکیا نیگەران دەکات



دوای ئەوەی کە رۆبەرت گێتس وەزیری بەرگری ئەمریکا ئاشکرای کرد کە دێڤید پاتریۆس، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناڤین و ئەفگانستان بەرز دەکرێتەوە و **ریمۆند ئۆدیرنۆ** جێگەی دەگرێتەوەو بەرپرسیارێتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ئەستۆ دەگرێ، چاودێران ئاماژەیان بە نیگەرانی سەرانی تورکیا کرد و رایانگەیاند کە ژەنەڕاڵەکانی تورکیا دڵگرانن و نایانەوێ ئەو پۆستە بە ریمۆند بسپێردرێ.

بەگوێرەی هەواڵەکان دانانی **ریمۆند ئۆدیرنۆ** بۆ تورکەکان نەک هەر هەواڵێکی خۆش نیە، بەڵکو نیگەران و هەراسانی کردوون، چونکە سەرانی تورکیا ریمۆند بە بەرپرسی ئەو رووداوە دەزانن کە لە ٤ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٣دا لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە تورەگە لەسەر چەند سەربازێکی تورک کراو رەوانەی وڵاتەکەیان کرانەوە. ئەمەش وەکو گرێکوێرە لەسەر دڵیاندا ماوەتەوە، بەوهۆیەوە خۆشیان لە چارەی ریمۆند نایەت و نایانەوێ لەتەنیشت ئەوانەوە بەرپرسیارێتی بەرزی سەربازی وەربگرێ، بەتایبەتی کە ئێستا سوپای تورکیا هێزەکانی خۆی لەسەر سنووری باشووری کوردستان کۆکردۆتەوەو دەیەوێ بەبیانۆی شەڕی پەکەکەوە لەشکرکێشی بکات و هێرش و پەلامارەکانی دەست پێبکاتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرانی تورکیا پێیانوایە کە ریمۆند بەتووندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دا رەفتار ناکات، بەتایبەتیش کە لەماوەی رابردوودا لەبەردەم وەزارەتی بەرگری ئەمریکادا مەرجی بۆ چەکدانان دانابوو، گوتبووی پێویستە هێزەکانی پەکەکە تێکەڵاوی هێزەکانی پژاک بکرێن و دژ بە کۆماری ئیسلامی دەست بەکار بن، ئەمەش واتای ئەوەبوو کە ئەو مەبەستی چەکدانانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نیە، ئەوەش بۆ تورکەکان بۆچوونێکی باش نیەو بریندار کردوون.

هەرچەندە کە **ریمۆند ئۆدیرنۆ** ئەفسەرێکی پلەبەرزی ئەمریکایەو بەگوێرەی نەخشەو بەرنامەکانی وەزارەتی بەرگری وڵاتەکەی رەفتار دەکات، بەڵام دیسانیشەوە دەستەڵاتی ئەوەی هەیە کە هەندێ چالاکی بە حەزی خۆی ئەنجام بدات و لەبەرژەوەندی ئەمریکاش لێکی بداتەوە.

لەوانەیە رۆیشتنی پاتریۆس و هاتنی ریمۆند هیچ لە کێشەی عێراقیەکان نەگۆڕێ، بەڵام لەوانەیە هاوکێشەی چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ تورکیاو باشووری کوردستان و پەکەکە بگۆڕێت، تورکەکان هەر لە ئێستاوە پێیانوایە کە لاگیری لە تورکیا ناکات و بەلای کوردا دەیشکێنێتەوە، بەڵام چاودێرانی سیاسی ئەو گریمانە بەدوور دەزانن، چونکە ئەمریکیەکان هەمیشە پێوەندی نێوان ئەمریکا و تورکیایان پێ لە پێوەندی نێوان ئەمریکا و کورد سەنگینتر بووە، بەپەرۆشەوە بۆ بەرەو پێشەوەبردنی گەشەپێدانی تێکۆشاون، قۆناغەکانی وابووە کە هەمیشە سەرانی ئەمریکا زیاتر گوێیان لە تورک گرتووە و راشکاوانەش لاگیریان لێ کردوون، ئەمەش بە زیانی کێشەی کوردو گەلانی ناوچەکە تەواو بووە، هەربۆیەش تورک پێداگری زیاتر دەکەن و چاوەڕوانی زیاتریان لە ئەمریکا هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی کە کورد بۆ خۆی نەیتوانیوە هێزی و کاریگەری خۆی لەناوچەکە بسەلمێنێ، بەتایبەتیش بەهۆی ئەو پێوەندیە بەردەوامەی کە هێزە سیاسیەکان و سەرکردەکانی کوردستان لەگەڵ هەریەکە لە تاران و دیمەشق و ئەنکاراو بەغدادیان هەبووە، وایکردووە کە تا ئێستاش تورک وەکو هێزێکی بەتوانای ناوچەکە بژمێردرێن و پێوانەی تایبەتیان بۆ بکرێ، چونکە نەک ئەمریکا بەڵکو زۆربەی وڵاتانی جیهان پێیانوایە کە تورکیا لە ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریگەری و نفوزی خۆی هەیە، بەوهۆیەوە گرەوی بردۆتەوەو بە ریمۆند تێک ناچێ.

**ئاکۆ مەجید**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com